# لۆریەکانی چۆمان کاری تەکسیش دەکەن

**ئیبراهیم گەلەژێری**



لۆری ئەو ئۆتۆمبێلەگەورەیەی کەتەنیا بۆ گواستنەوەی بار لەنێوان شارو وولاّتان کاری پێدەکرێت ، لەمنالّیماندا ئەوەندەبە دیتنی خۆشحالّ دەبوین بەسوار بونی هەستێکی لەرادەبەدەر خۆشحالّیمان بەدی دەکرا ، لەیادمەلەو کاتانەی کەئێمەی منالّەکان تازەلەسەرەتای تەمەنی شەش سالّی بوین لە هاوینی سالّی 1983 هێزەکانی عێراق بەترێلەو لۆریەکان لەبەرەبەیانیەکی زوودا بە بەردەم مالّەکانمان رەت دەبون ودەچون بۆ بەرەکانی شەر ، بەچاوێکی خەوالّووەوە هەلّدەستاین بۆتەنیا چەند ساتێك لەگەلّ باوکمان بەدیار لۆریەکان وە رادەماین ، رامانی ئێمەی منالّ بۆتەنیا خۆشی ودرێژ بونی ترێلەکان و تۆپی لەدوای خۆیان بەستبوو ،بەلاّم گەوەرکانمان لەتەك ئێمە رادەمان و لەنێو چاوانیان هەرچی خۆشی هەبوو بەدی نەدەکرا ، کاتێ کە دونیا بێدەنگ دەبوو لەناکاو چەند بارهەلّگرێکی تر رێچکەیان بەرەو سنور دەگرتەوە ، بۆئێمەی منالّ دەبوو بە دەنگە دەنگ و بۆ باوکانیشمان دەبوو بەمایەی وەرِس بون و ترس و دلّەراوکێ ، دوای هەشت سالّ ئاوارەیی و گەوەربونمان و تەواو کردنی خوێندنمان ئینجا زانیمان ئاوارە بون و مالّوێرانیمان لەسەر پشتی ئەوبارهەلّگرانە ئەنجام دراوە ، بۆیە لۆریەکان وبارهەلّگرەکان، ئێستاش دلّنیام لەزەینی چەندین منالّ شتێکی جوان و سەرنج راکێشە بەتاییەت ئەولۆریانەی کە بە جوانی دەرازێنەوە ، بەلاّم زۆرجار دەبیندرێت کە لۆریەکان لە زەینی زۆر منالّیشدائەو گرنگیەی نامێنێ بە تاییەت لەشوێنێکی وەك قەزای چۆمان ،ئەگەر تۆ خەلّکی چۆمان بیت ولەوەرزی پاییزو زستاندا شەوانە و بەیانیانی زوو هەست بەدیاردەیەکی زۆر ناشرین دەکەیت ، بەتاییەت لەکاتی گەرم کردنی لۆریەکانیان چونکە لە چۆمان هەر گەرەکێك دەبیندرێت کەمتر لە پێنج لۆری لەبەردەمی نەوەستاوە شوێنی واش هەیە تەنیا جێگەی لۆریەك دەبێت کاکی شوفێری لۆری چووە لەوێ وەستاوە ،کە پیادە رۆیشتنیشی نەهێشتۆتەوە ،چەندین جار داواکراوە کەشوێنێکی دوور لەشار بۆ لۆریەکان تەرخان بکرێت گەراجێك هەبێت بۆخۆیان بەرنە ئەوێ ، ئەرکی دەزگا پەیوەندارەکان لەم کاتە دەست پێدەکات بێ خەم بوینان لە ئاست ئەو کێشەیە مایەی نیگەرانی هاوولاّتی یە ، لەلایەکی ترەوە بەهیچ یاسایەك مۆلّەت نادرێتە لۆری بارهەلّگر کە لە نێو سەنتەری شار بۆ خواردنی گەصێك بوستێت ، بەلاّم رێك لەچۆمان پێچەوانەیە شەوانە لەسەر دووسایدی چۆمان بۆ چەندین جار وەستانی لۆری دوبارە دەبێتەوە بەتاییەت ترێلە ئێرانیەکان و عێراقیەکان زۆر جار رێگاکانی لاوەکی دەگرن ، لەوەش سەیرتر دیاردەیەکی تر هەیە لە چۆمان ئەویش لۆریەکان لە بەیانیاندا خەوی منالّەکان و گەورەکانی هاوسێ یان دەزرێنن ، بەزیاد پێ لێنانی گازی لۆریەکان دەنگێکی ناخۆش لەو ناوە دروست دەکەن ، بەجارێ سمیای لۆریەکان لە بەرچاو قورس دەکەن ، لەهەمووشی سەیرترهەندێك لە لۆریەکان بۆ کرینی صەمون و نان و تەماتەو کەل وپەلی تر ، لۆریەکانیان وەك تەکسی بەکار دەهێنن ؟ لەبوك و بۆنەکانی جەژنیش سەردانی خزم و کەسەکانیان پێدەکەن بە درێژایی تەنها نیو کیلۆمەتر !